www.hetaw.net
ژمارە (٧٦٧) چوار شەممە ١٦ی تەمموزی ٢٠٠٨ی
هەموو چوارشەممەیەک

**مونتەدا یان مولتەقایەکی کوردستانی بۆ ئاشتیو دیالۆگ، واتا ئاشتی هەم لەناوەوەو هەم بەرەو رووی دەرەوە، هەم دیالۆگی کوردی ـ کوردیو دیالۆگی کوردیو غەیرە کوردی، ئەو دوو وشەیە دەتوانێت توانای راکێشانی باش بێتو دەشتوانێت وەڵامدەرەوەی ئەو پێشوەچوونانەی هاوچەرخو هی رۆژانی ئێمە بێت لەسیاسەتدا**

# حیزب گەورەیە نەک بە ژمارەی، بەڵکو حیزب گەورەیە بەپرەنسیب

## دکتور بورهان یاسین مامۆستای زانکۆی لۆند_ سوید بۆ ئاڵای ئازادی



**ئا: رەزا مەنوچەهری**

**بەشی یەکەم**

لەم ماوەیەدا چەندین کەسایەتی سیاسیو ئەکادیمی هەوڵی خۆیان یەکخستووە بۆ رێکخستنی کۆنفرانسی مولتەقای کوردستانی بۆ ئاشتیو دیالۆگ، ئامانجی ئەو کۆنفرانسە دیاریکردنی پرەنسیبێکی نەتەوەییە کە لایەنە سیاسییەکانو کەسایەتیو حیزبەکان وەکو هێڵی سوورو هاوبەش سەیری بکەنو پێیەوە پابەندبن، ئەندامێکی کۆمیتەی ئامادەکاری ئەم کۆنفرانسە (دکتور بورهان یاسین)ەو لەم چاوپێکەوتنەی ئاڵای ئازادیدا تیشکدەخاتە سەر لایەنەکانی کۆنفرانسەکەو هەڵوەستە لەسەر وردەکارییەکانی دەکات.

**ئاڵای ئازادی: بڕیار وایە ئەم ماوەیە کۆنفرانسێکی نەتەوەیی ببەسترێت، ئامادەکاریەکانتان بۆ ئەو کۆنفرانسە گەیشتووەتە کوێو هەنگاوەکانتان لەسەر چ پرەنسیبێکەو تاکو ئێستا چیتان بۆ کردووە؟**

د. بورهان یاسین: ئەوەی راستی بێت بەر لەدوو ساڵ ئێمە دوو پرۆژەمان پێشکەشکردوە بەجەنابی مام جەلالو کاک مەسعود بەو سیفەتەی کە مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراقەو کاک مەسعودیش سەرۆکی هەرێمی کوردستانە. یەکەم پرۆژە لەسەر ئەوەبوو کەدەسەڵاتی باشووری کوردستان تواناکەی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت ناوبژیوانی بکات لەناو پەکەکەو تورکیا. دیارە لەو ناوبژیوانیکردنەدا پۆزیسیون، یان دیپلۆماسیی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بەهێز دەبێت، کورد لێرەو لەباکوور سوودمەند دەبێتو ئەمریکا سەر ئێشەیەکی دیکەی لەکۆڵ دەبێتەوەو پەیوەندیەکانی باشوورو تورکیا بەرەو باشبوون دەڕوات، واتە کۆمەڵێک ئەنجامی باشمان دەبێت، لەهەمانکاتدا لەو پرۆژەیەدا ئەوەشمان خستە بەرچاو کە لەهەولێکی لەو جۆرەدا باشووری کوردستان بەهێزتر دەبێت لەبەرانبەر بەغدا، چونکە تۆ کەسایەتیی دیپلۆماسیی خۆت هەیەو پەراوێزی خۆت هەیە کە تیایدا بجوڵێیتەوە.

پرۆژەی دووەمیان لەسەر ئەوەبوو کە کاتی ئەوە هاتووە باشووری کوردستان ببێت بەناوەندێکو لەوێندەر هەر چوارپارچەی کوردستان لەکۆنفرانسێکی نەتەوەیدا کۆببنەوەو ئەو کۆنفرانسە تەنها سیاسی نەبێت، بەڵکو سیاسیو ئەکادیمی بێتو کۆنفرانسەکە لەسەر پرەنسیبی ئەوەی کە گرینگە پانتایی هەموو نەتەوە لەپرۆژەیەکی لەو جۆرەدا بوونی هەبێت. دەبێت کۆنفرانس هەموو ئەو پانتاییە بگرێتەوە لەهەر چوارپارچەی کوردستانو لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکانی سۆڤیەت، کوردەکانی لوبنانو لایەنە سیاسیو لایەنە ئەکادیمییەکانو هەروەها بەبەشداربوونی کۆمەڵێک لەپسپۆڕانی هەرە شارەزا لەدەرەوەی وڵات، ئەوروپیەکان ئەمریکیەکان خوێندنەوەیان بێتو قسەیان بێت لەو کۆنفرانسەداو ئەو کۆنفرانسە بەکۆمەڵێک پرەنسیب دەربچێت. بەیانێکی کۆتایی دەربچێتو ئەو بەیانە کۆتاییە کۆمەڵێک پرەنسیبی کوردستانی بێنێتە دەنگو هێزەکان لەسەری دابنیشێت.

**ئاڵای ئازادی: کارو ئامادەکارییەکانی کۆنفرانسەکەتان گەیشتووەتە کوێ؟**

د. بورهان یاسین: لەراستیدا لەبەر هەندێک هۆی تەکنیکی یەک دووجار دوامان خست، بەڵام ئێستا بەتەواوەتی بڕیاردراوە کە ئیدی کاتی کۆنفرانس ناگۆڕێتو لەناوەڕاستی مانگی ١٠ لەرۆژانی ١٦و ١٧و ١٨ کۆنفرانسەکە دەبەسترێت لەهەولێر. لەراستیدا کارەکانی کۆنفرانس بەتایبەتی لەو رۆژانەی دوایی زۆر بەباشی چووەتەپێشەوە. ئەوەی کە زۆرباشە ئەوەیە کە هەستدەکەین هێزەکانی کوردستان، هێزە سیاسییەکان هەرچەندی لەناوخۆیاندا ململانێیان هەبێت هەر هەموویان بەرێزەوە تەماشای ئەو هەوڵە دەکەنو هەر هەمووشیان بۆ ئێمە جەختیان کردووەتەوە کە خۆشحاڵن بەبەشداربوونو دەتوانم بڵێم بەگرنگیەکی ستراتیژییەوە سەیری ئەو کۆنفرانسە دەکەن.

**ئاڵای ئازادی: ئێوە سڵ لەوە ناکەنەوە کە یەکێتیو پارتیو حیزبی تریش لەکوردستان لەو کۆنفرانسەدا هەندێک مەرج بەسەر ئێوەدا بسەپێنن، کە تەجروبەو ئامانجەکانی ئەو کۆنفرانسە بهێنێتەدی؟**

د. بورهان یاسین: دەمەوێت لێرەدا بەڕاشکاوانە ئەوە بڵێم کەتا ئێستا هیچ ئاماژەیەک نییە بەو ئاڕاستەیەداو تا ئێستا شتەکان هەموو بەدەست کۆمیتەی ئامادەکارەو هەر کاتێکیش گەیشتە ئەوەی کە هەست بکرێ چ پارتی یان یەکێتی چ لایەنێکی تر بۆچوونی خۆی بسەپێنێت، من وەکو خۆمو ئەندامێک لەکۆمیتەی ئامادەکارو وەکو کەسێک کە لەسەرهەڵدانی بیرۆکەی ئەو دوو پرۆژەیەدا کارم کردووە، هیچ لاریم لەوە نییە بیکەم بەقەیرانێکو بەڕاشکاوانە قسەی لەسەر بکەم. دەرفەت نییە بۆ باسکردنی هیچ بۆچوونی تاکە حیزبێک لەسەر ئەو پرەنسیبەی کە کۆنفرانس دەبێت پانتایی نەتەوەی کورد داپۆشێت بەهەموو بۆچوونە ئایدۆلۆژیو سیاسییەکانەوە. حەز دەکەم ئەوەش بڵێم ئێمە لەلایەن حیزبەکان ئەوەمان جەخت کردۆتەوە حیزب گەورەیە نەک بە ژمارەی، بەڵکو حیزب گەورەیە بەپرەنسیب، ئەو پرەنسیبانەی لەسەر روحی کۆنفرانس دەگونجێن بۆ ئێمە ئەو پرەنسیبانە زۆر گرنگنو بەخێرهاتنیان دەکەینو پشتگیرییان دەکەینو بەبێ سێو دوو جێگایان دەکەینەوە لەناو راگەیاندنی کۆتایی کۆنفرانس. هەڵبەتە ئەوە کارێکی ئاسان نییەو بۆ یەکەمجارە کۆنفرانسێکی لەو شێوەیە دەبەسترێت. پرۆژەیەکی نەتەوەیی زۆر گەورەیە. پێشتر پرۆژەی نەتەوەیی ترمان هەبووە کە بەداخەوە شکستیان هێناوە، بەڵام ئێمە گەیشتوینەتە ئەو بڕوایە کە ناکرێت تۆ هەنگاوی زۆر گەورە بهاوێژیت کە کەوتنی زۆر ئاسانترە لەهەنگاوی زۆر بچوکتر. لەو کۆنفرانسەدا بەڕاستی تۆ کۆمەڵێک دەستکەوتت دەبێت یەک تێکشکاندنی ئەو دیوارە سایکۆلۆجییەی ترس کە هەرکاتێک کورد کۆبۆوە بەهەر چوارپارچەکەیەوە هەموو وڵاتان بێنە دەنگو قیامەت دروست بکەن. گەر بتوانین لەو کۆنفرانسەدا ئەو ترسە تێکبشکێنین ئەوە یەک لەسەرکەوتنە هەرە گەورەکانی کۆنفرانس دەبێت. ئەگەر چی ئەو سەرکەوتنە لەوانەیە بەشێوەی نوسراو خۆی دەرنەخاتو بە شێوەیەکی شاردراوە دەمێنێتەوە.

**ئاڵای ئازادی: تا ئێستا یەکێک لەگرفتەکانی ئەو جۆرە کۆنفرانسانە ئەوەیە کە گرنگی بەهەندێک کوردناس نەدراوە، گەرچی هەندێکیان کوردیش نەبوون لەسەر کورد گیراونو سزایان بەسەردا سەپاوە، ئێوە هەوڵتان نەداوە لەو کۆنفرانسەدا بەشێک لەو کەسانە بانگهێشت بکەنو گوێ لەسەرنجو تێبینەکانیان بگیرێت؟**

د. بورهان یاسین: لەراستیدا ئێمە لەکارێکی زۆر دوورو درێژدا پەیوەندیمان کردووە بە کۆمەڵێک کوردناسی زۆر شارەزاوە کە بیست سی ساڵە خەریکی لێکۆڵینەوەن هەم ئەمریکیو هەم ئەوروپی لەبوارە جیاجیاکاندانو هەندێک لەوانە تەنانەت لەبڕیاری ناوەندە گرینگەکانی جیهان وەکو کۆشکی سپی راوێژیان پێدەکرێت. بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە ئەو کەسایەتیانە ئامادە بن، نەک هەر ئامادە بن، بەڵکو ئەوانە بواری چاوپێکەوتنو کۆبوونەوەی تایبەتیشیان پێبدرێت لەگەڵ سەرکردەکان لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانو لەناو کۆریدۆرەکانی کۆنفرانسو لەدەرەوەی کۆنفرانسو لەرۆژانی بەستنی کۆنفرانسدا، لەوانەی کە لەدەوروبەری ئێمەن ئیسماعیل بێشکچیمان لەبەرچاو گرتووە، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین ئەگەر ئیسماعیل بێشکچی لەکۆنفرانسێکی کوردستانیدا بەشداری بکات بۆ ئەو چی روو دەدات کە گەڕایەوە تورکیا. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یەکێکە لەو ناوانە کە ئێمە خەریکین بەجدی کار بۆ ئەوە دەکەین ئامادە بێتو بیریش لەوە دەکەینەوە کە بەشێوەیەکی شایستەو لەمەراسیمێکی تایبەتدا بەخێرهاتنی کەسایەتیەکی وەک ئسماعیل بێشکچی بکرێت.

گرنگ ئەوەیە کە پاش چەندینجار بینینی حیزبەکانو جاری دوایش کە حیزبەکانمان بینیوە ئەوە گەڵاڵەبووە کە هەستێک هەیە لەناو حیزبە سیاسییەکانداو بەتایبەتی لەکۆمیتەی ئامادەکار کە نابێت ئەو کۆنفرانسە رووداوی یەکجار بێتو کۆتایی پێبێت، بەڵکو دەبێت ببێت بە نەریتێک لەناو هێزە سیاسییەکان کە بەشێوەیەکی دەوری جارجار کۆببنەوە، بۆ ئەوەش ناومان لێنەناوە کۆنگرەی نەتەوەیی، چونکە ئەمە ترسێک دروست دەکاتو دەکرێت هەندێک هێزی سیاسی بڕەوێنێتەوە لەبەر هۆیە جیۆسیاسیەکانو جیۆستراتیژیەکان، بۆیە کاتێک بیرۆکەمان هاویشتە مەیدانو ناومان لێنا مونتەدا یان مولتەقایەکی کوردستانی بۆ ئاشتیو دیالۆگ، واتا ئاشتی هەم لەناوەوەو هەم بەرەو رووی دەرەوە، هەم دیالۆگی کوردی ـ کوردیو دیالۆگی کوردیو غەیرە کوردی، ئەو دوو وشەیە دەتوانێت توانای راکێشانی باش بێتو دەشتوانێت وەڵامدەرەوەی ئەو پێشوەچوونانەی هاوچەرخو هی رۆژانی ئێمە بێت لەسیاسەتدا. دیارە دوورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی هێزو چەک رۆژ بەرۆژ دەبێت بەنەریتێک کە باڵ دەکێشێت بەسەر کاری سیاسییدا، بەڵام لەهەمانکاتدا رەواندنەوەی ترسی دەرەوەو لەهەمانکاتیشدا رەواندنەوەی ترسی هێزە سیاسیەکان بێت. ئێمە بەزمانێک قسە دەکەین نابێتە هۆی وروژاندنی هەندێک لایەن بەوەی ئەگەر دروشمێکی تر هەڵبگیرایە کارکردن لەکۆنفرانسو لەپێش کۆنفرانس لەکاتی ئامادەکردنیشدا بەئاراستەی ئەوەی کە ببێت بەشێوەی مولتەقا یان مونتەدای کوردستانی هاوشێوەی مونتەدای دەوحە، داڤۆس کە ساڵانە کۆبوونەوەی تێدا دەکرێتو پرۆگرامێکی نییە، بەڵام گفتوگۆ دەکرێت لەسەر شتە بنەڕەتیو بنچینەیەکان، ئێمە بەو ئاراستەیە کار دەکەینو ئەوەی کە چەند سەرکەوتوو دەبین ئەوە دەمێنێتەوە سەر خودی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکەو بڕیاری کەسایەتیو حیزبە سیاسییەکان.

**ئاڵای ئازادی: ئێوە وەک کۆمیتەی ئامادەکار دەتوانن چ میکانیزمێک گەڵاڵەبکەن بۆ ئەوەی کە هێزەکان لەو هێڵو پرەنسیبە نەتەوەییانە لانەدەن کە ئاماژەتان پێکرد؟**

د. بورهان یاسین: لەڕاستیدا کۆمیتەی ئامادەکار رەشنووسێکی زۆر کراوەو خاو دەخاتە بەردەم هێزە سیاسیەکان، کەسایەتیو ئەکادیمییە کوردەکانو لەناو کۆنفرانسداو لەناو وۆرک شۆپەکاندا باسی لەسەر دەکرێتو لەکۆنفرانسدا چوار وۆرک شۆپی هاوتەریب بۆ چوار پارچەی کوردستان بەڕێوە دەچێت، ئەو وۆرک شۆپانە لەسەر هەمان پرۆگرام قسەدەکەن. یەکێک لەخاڵەکانی پرۆگرام ئاخافتنو گفتوگۆکردنی بەیانی کۆتاییە. راگەیاندنی کۆتایی لەرەشنووس دەنێردرێت بۆ لای هێزە سیاسیەکانو کەسایەتیەکانو لەوێشەوە بۆ وۆرک شۆپو لەوۆرک شۆپیشەوە جارێکی دیکە بۆ کۆنفرانسە فراوانەکەو لەکۆنفرانسەکەدا ئەو پرەنسیبانە رادەگەیێنرێت. هەڵبەت کۆمیسیۆنێکی تایبەتیش دادەنێین کە زۆر تایبەت بێت بە راگەیاندنەکە کە لەکۆتایی کۆنفرانسەکەدا بەدوای ئەوەدا بچێت باشترین راگەیاندن گەڵاڵەبکرێت. پرەنسیبەکانی راگەیاندن رێک ئەوەیە هەندێک هێڵی نەتەوەیی وەک حرامکردنی وشەی شەڕی براکوژیو تەبەناکردنی دیالۆگو تەبەناکردنی هەندێک لەو بەهایانەی کەهاوچەرخنو وەڵامدەرەوەی سەردەمی ئێمەن لەگەڵ کارماندا لەگەڵ سیاسەتو خەملاندنی کۆمەڵگەی کوردەواریو بەرەو پێشبردنی دیموکراسیو مافی مرۆڤو ئافرەتو.. هتد، واتە کۆمەڵێک پرەنسیب لەمامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی دەرەوەو لەخوێندنەوەی جیهانی دەرەوە، مامەڵەکردن لەگەڵ کوردانی دیاسپۆرا وەکو سەروەتێکی نەتەوەیی، لەراستیدا ئێمە دەخوازین کۆمەڵێک شت بوروژێن کە پانتایی ستراتیجیو نەتەوەیی هەموو کوردستان دەگرێتەوە. ئەو بیروبۆچونانەی کە جوانن، کەرێکنو دەگونجێن لەگەڵ روحی ئەو راگەیاندنە ئەوە بەتایبەتی بەخێرهاتنیان لێدەکرێت، ئەوجا ئەگەر لەلایەن حیزبێکی بچوکەوە بێت یان حیزبێکی گەورەوە بێت لەڕاستیدا ئەوە گرنگیەکی زۆری نییە، جوانیو رێکوپێکی بیرۆکەکە خزمەتکردنی بەئاڕاستەی کۆنفرانس بەسەرنجی بیرکردنەوەکەیە لەڕاستیدا، چونکە بیرکردنەوەکە لەو کۆنفرانسە تەواو نابێتو بەهیوای ئەوەی کە شتی تری بەدوادا بێت، تۆکمەتر رێکوپێکترو پێشکەوتووتر لەشێوەی ئەوەی ئێمە ناومان لێنا مولتەقا یان مونتەدایەکی کوردستانی بۆ ئاشتیو دیالۆگ.

**ئاڵای ئازادی: هەر وەک باستان کرد یەکێک لەپرۆژەکانتان ئەوەیە کەکاتی ئەوەهاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوبژیوانیی لەنێوان P.K.Kو تورکیا بۆ ئاشتیو چارەسەریی کێشەی کورد بکات، ئێوە چەند هەنگاوتان ناوە، حکومەتی هەرێم چەند پێشوازیی لەو پرۆژەو پێشنیازە کردووەو بەکوێ گەیشتوون؟**

د. بورهان یاسین: ئەو پرۆژەیە گرنگیەکی تایبەتی پێدراو ئەو وەڵامەی کە ئێمە وەرمانگرتەوە لەمام جەلال ئەوە بوو کە ئەو سەرۆک کۆمارەو بەرێگای خۆی کاردەکات بۆ ئەو پرۆژەیەو ئەو بەڵێنەی پێداین. لەقسەکردنیشمان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاک نێچیرڤان بارزانی ئەویش ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە ئەوانیش میکانیزمێکیان هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە. ئەو کاتەی کە ئێمە پرۆژەکەمان پێشکەشکرد دیارە ئەمریکا هەنگاوی ئەوەی نەهاوێشتبوو کە جەنەراڵێک (جۆزێف راڵستۆن) دیاری بکات بۆ فایلی P.K.Kو لەسەرەتادا مەبەستی ئەمریکا ئەوە بوو کە بەشێوەی دیالۆگو ئاشتی کێشەی P.K.K چارەسەر بکات، بەڵام تەرجومەی تورکیا بۆ ئەو بڕیارەی ئەمریکا ئەوە بوو کە ئەمریکا لەرێگای دانانی ئەو جەنەراڵەوە بەشێوەی سەربازی هاوکاریی تورکیا بکات. لەلایەکی ترەوە نێچیرڤانی بارزانی ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە ئەوان خەمخۆری ئەو بابەتەنو دەکرێت ئەو پرۆژەیە لەچوارچێوەی ئەوەی کە پێیدەگوترێت دیپلۆماسی نهێنی ببرێتە پێشەوە. ئێمەش لەلای خۆمانەوە واتە ئەو چەند کەسەی کە ئەو پرۆژەیەمان هێنا پێشەوە باوەڕمان بەوە هێنا کە سیاسەتی باشووری کوردستان بەشێوەیەکی حەقیقی بەو ئاقارەدا دەڕواتو تەنانەت لەو دوو قەیرانەی دواییدا کە تورکیا دوو جار پێی نایە ناو خاکی باشووری کوردستانەوە، من لەو بڕوایەدام بەشێوەیەکی گشتی کاردانەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەباشووری کوردستان ئەگەرچی لێرەولەوێ هەندێک رەخنەو قسە هەبێت لەسەر هەڵوێستەکە، بەڵام گەر بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستەکە وەربگریت، ئەوە بەبڕوای ئێمە زیاتر وەڵامدانەوەی ئەو پرۆژەیە بوو تا خۆ دوورگرتن لەو پرۆژەیە، چونکە هێڵی دەسەڵاتی سیاسی ئەوە بوو کە هەمیشە تۆپەکە بخاتەوە یاریگەی تورکەکانو ئێمە ئامادەین بۆ دیالۆگو چارەسەری سیاسیو بەشێوەی سەربازی ئەو مەسەلەیە چارەسەر نابێت. ئەوە لەڕاستیدا روحی بۆچوونەکەیە، بەڵام لەئاستە دیپلۆماسیەکەدا دیارە خواستی ئێمە ئەوە بوو کە باشووری کوردستان لەهەوڵێکی لەو جۆرەدا زۆر دەسکەوتی هەبێت، ئەمریکا دەسکەوتی هەبێت، چونکە سەر ئێشەیەکی پەیوەندیی ئەمریکاو تورکیا لەراستیدا کێشەی P.K.K یە. ئێمە لەو خاڵەدا دەتوانینو دەشمانتوانی ئەو کاتەی کە پرۆژەکەمان پێشکەشکرد، ئەمریکا بهێنینە ناوەوەو لەڕاستیشدا کرا، ئەمریکیەکان چەندجارێک خۆیان ئەوەیان دووپات کردووەتەوە کەرۆڵێکی پۆزەتیڤانەی کوردەکانی عیراق بوونی هەیەو بەتایبەتی زالمای خەلیلزاد ئەوەی جەختکردەوە لەبابەتی هێنانە کایەی ئاشتی لەنێوان P.K.Kو تورکیا. لەگەڵ ئەوەشدا لەو بڕوایەدام لەپەیوەندیەکانی دیالۆگی دەسەڵاتی باشووری کوردستان لەگەڵ P.K.K دیالۆگێکی تۆکمەو رێکوپێکو بە میکانیزمێکی سەرکەوتوو بەڕێوە نەچووەو دیالۆگی ئێمە لەگەڵ تورکیا دیارە ئەوەندە ئاسان نەبووەو ئاسان نەبوونی دیالۆگی دەسەڵاتی باشووری کوردستان لەگەڵ تورکیا دیارە کۆمەڵێک بۆچوونو تەفسیر هەڵدەگرێت.

**پرۆفایل**

**دکتور بورهان یاسین ساڵی ١٩٥٦ لەباشووری کوردستان لەدایکبووە.**

**ساڵی ١٩٨٣ چووە بۆ سویدو تا ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.**

**لە١٩٩٥ پلەی دکتۆرای لەمێژووی سیاسی لەبابەتی کوردستان لەسیاسەتی زلهێزەکاندا بەدەستهێناوە.**

**ئێستا مامۆستای زانکۆی لۆند_ سویدە.**